www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 23:39 27-2-2007

## دیسان بەدرخان و بەرلین. . كامەران

لە سایتی كوردستان نێتدا ئەنجومەنی بەدرخان وەلامێكی ناشایستەی دور لە ئیتیكی رۆژنامەنوسی لاوەند نەوزادیان داوەتەوە، منیش دوای خوێندنەوەی ئەو وەلامە، بابەتەكەی لاوەند نەوزادم لەرۆژنامەی ئاوێنە خوێندەوە. لاوەند بەو شێوازەی هەمیشە پێی دەنوسێ زۆر رۆژنامەنوسانە رەخنەی لە یادكردنەوەو سەفەرەكەی بەدرخان بۆ بەرلین گرتووە، بەلام ئەنجومەنی بەناو دەزگای چاپ وبلاوكردنەوەی بەدرخان لە وەلامەكەیاندا بەلاوەند دەلێن: (شەكری شكاند)، بەراستی حورمەتتان لێدەبارێ!!بەراستی روی بەدرخانیەكانتان سپی كرد. هەر بەوەشەوە ناوەستن پێی دەلێن (شەونامەنوس)، بەراستی شەرمەزارییە بۆ ئێوە خۆتان بە رۆژنامە نوس ونەوەی بەدرخان ئەزانن وبەرۆژنامە نوس ئەلێن شەونامەنوس، ناهەقتان ناگرم، چونكە سەندیكا بێدەسەلاتەكەمان هیچی پێناكرێ، ئەگینا دەبوایە لەسەر ئەم ناولێنانە، لایەنی كەم لە سەندیكا دەری بكردنایە.

ئێوە لەخۆتان گۆراون وبە دوو سەفەری سوریا ومیسر، خۆتان لێبۆتە رۆژنامەنوسی عەیارە 24، هەرچەندە هەمو خوێنەری كورد دەزانن نوسینەكانی لاوەند نەوزاد چیە وچۆنە، هەموشمان دەزانین، ئێوە تائێستا ناوێرن بچوكترین رەخنە بگرن، نەك دلی ئەوانەتان لێبرەنجێ كەخۆتانتان لێكردونەتە نەوەی بەدرخان، ئەوان ئێوەیان لێبۆتە شتێكی عەجیب، ئێوە خۆتان لێگۆراوە نەك لاوەند نەوزاد، هەمو بینیمان لاوەند لەبەرنامەی چاوی سێهەمدا روبەروری سەرۆكی شارەوانی رەخنەی دەگرت و لەگۆشەكەی كوردستانی نوێشدا چەندین رەخنەی لەدیاردە ناشرینەكان و گەندەلی و تەنانەت لە حیزبەكەی خۆشی گرتووە، بەلام ئێوە چونكە ئاگاتان لەدنیا نیە پێی ئەلێن رایكردبووە دەرەوە، نازانن لاوەند بۆ چارەسەری نەخۆشی رۆشتە دەرەوە، سەرەرای ناوزراندن و ناولێنان گالتەش بە نوسینگە ساردو سرەكەی دەكەن، بەلام جێگەی گومانە نوسینگەكەی ئێوە بە 700$ گەرم ببێت ورۆژنامەیەكی رەنگاورەنگی وەك بەدرخانی پێ چاپ وبلاوبكرێتەوە، سەریشم لەوە دەرناچێ لەم گرانیەی ئێستادا، چۆن 6 سال رۆژنامە بەخۆبەخشی دەرئەچێ!! ئاشكرایە و لەناو رۆژنامەنوسانیشدا بلاوە كە ئێوەی ماستاو چی هەر رۆژەی لای بەرپرسێك دەپارێنەوەو بەناوی بەدرخانەوە سوال دەكەن، ناشزانم ئێوە بۆ مەسەلەكەتان كردووە بە مەسەلەیەكی شەخسی، بەلاوەند ئەلێن بەدرخان و حەمید بۆتە چقلی چاوت، ئاخر بۆ خۆتانمان لێ ئەكەن بەرۆژنامە نوس وتەیارە؟

لەكۆتایدا ئەلێم بەراستی شەرمەزارییە بۆ ئێوە بەناوی رۆژنامەنوسی و بەدرخانەوە ئەو كارانە دەكەن، وەك لاوەند دەلێ: هەم سەحافە وهەم سیاحە، ئێوە گەر بەناوی رۆژنامەنوسی و ئیستغلال كردنی ناوی بەدرخانەوە نەبێت، نەك بەرلین بگرە ناتوانن سەردانی شارەكانی كوردستانیش بكەن، چونكە منحەكەتان زۆر كەمە، بە ئاشكرا 700$، بەلام بە نهێنی وەك لەوەلامەكەتاندا ئاماژەتان پێداوە نزیكەی 10 بەرپرسی بالا دەستی پێتانەوەیە، دیارە ئەمەش لەبەر ئەوە نیە ئێوە رۆژنامەنوسی پرۆفێشنالی كوردبن، بەلكو ماستاوچی پرۆفێشنال و ئیستغلالكەری ناوی بەدرخانیەكانن.

ئێوە عەرەبی نازانن كەچی لە میسر كتێب وبەدرخانتان بەعەرەبی بلاوكردەوە، خوا ئەزانێ كێتان بنیات ناوە لە بەرلین بە ئەلمانی بابەتتان بۆ بنوسێ، توخرا بێزەحمەت وەك میسر كەستان پەیاكردوە پارەی لێ قەرز بكەن و نەیدەنەوە؟ گەر زۆر لەسەری برۆن وبلێن وانیە، ئەوا بەناچاری ناو وئیمەیلی ئەو كەسە بۆ هەمو خوێنەران ئاشكرا دەكەم كە ئێوە لەمیسر بەناوی كوردو بەدرخانەوە پارەتان لێ قەرز كردووە تائێستاش نەتان داوەتەوە، ئەو كات خوێنەران بۆ راستی ئەم مەسەلەیە دەتوانن پەیوەندی بەو رۆژنامەنەسە میسریەوە بكەن بۆ ئەوەی لەراستی دلنیا بن.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بلاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.